**کوردستان له سه‌رده‌می خه‌لیفه عومه‌ر کوری خه‌تاب(١٣-٢٣ك/٦٣٤-٦٤٣ز)**

**له دوای دروست بونی ده‌وڵه‌تی ئیسلامی بلاّو بونه‌وه‌ی له نیمچه دورگه‌ی عه‌ره‌بی و سه‌ره‌تای ده‌سه‌لاّت وه‌رگرتنی عومه‌ری کوری خه‌تاب بیر له پرۆسه‌ی فتوحات کرایه‌وه و کوردستانیش له‌به‌ر ئه‌م پرۆسه‌یه بووه ، ئه‌و کاته‌ش کورستان له ژێر ده‌سه‌لاّتی ساسانیه‌کان بووه به‌لاّم ئه‌وه‌ی دیاره له فه‌تح کردنی شاره‌زور و گه‌رمیان و هه‌ولێر وناوچه‌کانی رۆژهه‌لاّتی شاری موصل ته‌نها باسی کورده‌کان کراوه که به‌رگریان له خاکی خۆیان کردوه له کاتی هاتنی موسڵمانه‌کان ئاماژه به له‌شکری ساسانیه‌کان و فارسه‌کان نه‌کراوه.**

**مه‌به‌ست له‌م فه‌تح کردنه‌ش ته‌نها بلاّو بونه‌وه‌ی ئه‌م ئاینه پیرۆزه بووه چونکه داوای رزگارکردن و لابردنی کۆیلایه‌تی و ژێرده‌سته‌ی ده‌کرد، چونکه سه‌رده‌می ساسانیه‌کان تاراده‌یه‌ك کۆیلایه‌تی و ژێرده‌سته‌ی بار بووه ، ئه‌م ئاینه تازه‌یه‌ش ، ئه‌م ئاینه تازه‌یه‌ش داوای رزگار کردنی که‌سه‌کانی ده‌کرد بۆیه ئه‌م ئاینه‌ش هێنده به زووی بلاّو بووه وه .**

**شه‌ری جه‌له‌ولاو گه‌یشتنی موسڵمانه‌کان**

**له ئه‌نجامی شکستی ساسانیه‌کان له قادسیه‌و مه‌دائن و کوژرانی رۆسته‌می سه‌ر له‌شکری ساسانی له ساڵی( ١٦ ك-٦٣٧ز)له‌شکری ساسانییه‌کان پاشه‌کشه‌یان کردوه بۆ حه‌سانه‌وه له شاری جه‌له‌ولا نیشته‌جێ بوون ئه‌مه‌ش وای کرد که کوردستان بێته گۆره‌پانی شه‌رو ململانێی نێوان ساسانیه‌کان و موسلمانه‌کان وساسانیه‌کان.**

**ساسانیه‌کان له‌شکریان کۆ کردرده‌وه و یارمه‌تیان له ناوچه‌کانی تری کوردستان و هه‌رێمی فارسه‌کان بۆ هات بۆیه سه‌رکرده (سعد کوری ابی وقاص) هه‌واڵی ئه‌م ئاماده‌کاریه‌ی بۆ خه‌لیفه نوسی بوو بۆیه خه‌لیفه عومه‌ریش هێزێکی تری به سه‌رپه‌رشتی (هاشم بن عتیه ) ناردوه، سه‌رچاوه‌کان ده‌ڵێن ژماره‌ی کوشتنی ساسانیه‌کان خۆی له سه‌د هه‌زار که‌س داوه ، به‌لاّم ئه‌مه زیاده رۆیی تێدا کراوه , دوای ئه‌وه‌ی جه‌له‌ولا له‌لایه‌ن موسڵمانه‌کانه‌وه کۆنترۆل کراوه موسڵمانه‌کان ده‌سکه‌وتی هێنده زۆریان هه‌بووه له‌م شه‌ره‌دا که له هیچ شوێنێك ئه‌مه‌یان نه‌دیبوو , هه‌روه‌ك سه‌رچاوه‌ی مێژووی ئاماژه‌ی پێکردوه ، وه‌ك (الطبری، مسکویه، ابن الجوزی(که وتویانه ئه‌م ده‌ست که‌وتانه‌ی جه‌نگ به ده‌یان ملیۆن دینار خه‌ملێنربوو ،هه‌ر ئه‌سپ سوارێکی موسڵمان نۆ هه‌زار دینارو نۆ ولاّغی به‌رزه‌ی به‌رکه‌وتووه.**

پێنجیەکی دەست کەوتەکانیشی بۆ خەلیفە بووە وەك (یاقوت و زەبەرجەرد و گەوهەر) ئەمانەش بە شەش ملیۆن دینار خەملێنرابوو ئەوەندە زۆر بووە لە ژوور جێگای نەبۆتەوە بەڵكوو لە حەوشەی مزگەوت كەلەكە كرابوون (عبدلرحمن کوری عەوف ،عبدالله کوری ئەرقەم) تا بەیانی بە دیاریەوە بوونە و ئێشکیان گرتووە.

### فەتح حەلوان و شارەزورو گەرمیان

پاش ئەوەی شاری جەلەولا کەوتە دەست موسڵمانەکان ، سەرکردە (جەریر کوری عبدولله لە شارەکە مابووە وە بە دوو هەزار سەربازەوە بۆ پاراستنی شارەکە دوای ئەوە لە لایەن خەلیفەوە سێ هەزار سەربازی تری بۆ رەوانە کراوە بە لەشکرەوە چووە سەر شاری حەلوان و خانەقین، شەری پاش ماوەی لەشکری ساسانی کرد وەگەلێکی لێ کوشتوون .ئەوەش بووە هۆی دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکە وەك مەندەلی و قەسر شیرین و سیروان و دوای ئەوە شاری حەلوان کرایە بنکەی دەسەلآتی وای موسلمانەکان , لەوێوە لەشکر رەوانە دەکرا و لەبەر شوێنی ستراتیژی شارەکە.

دوای ئەوە سەر لەشکر (هاشم کوری عتبە) بە فرمانی( سعد بن أبی وقاص )رووی کردۆتە عێراق و بەرەو گەرمیان چووە توانیویەتی ( داقووق و کانی هەنجیر و خانیجار ) لە نزیك خورماتوو دەست بەسەردا بگرێت ، فەتح کردنی گەرمیان تا ساڵی (٢٠ك/٦٤١ ز)بەردەوام بووە هەر وەك لە (فتوح البلدان) کە (البلاڤری) گێراویەتیەوە

### فەتح کردنی شاری نەهاوەند

لەوکاتەی یەزد گورد پاشای فارس لە حەلوان رای کرد ساڵی ( ١٩ ك) بانگەوازی بۆ فارسەکان کرد کە بە هانایەوە بێن لەوانەش خەلکی رەی و قوس و ئەسبەهان و هەمەدان و ماحین ، هەموویان کۆبوونەوە لە دەوری یەزد گورد سالی(٢٠ ك)هەروەك بلاڤری لە فتوح بلدان باسی کردووە دەڵێت ژمارەی ئەو چەکدارانە ٦٠ هەزار یان ١٠٠ هەزار چەکدار بووە ، والی کوفە عەمار کوری یاسر خەلیفە عومەری ئاگادار کردۆتەوە لە جم و جۆلی فارسەکان ،سەرەتا خەلیفە خۆی هەوڵی داوە بەشداری بکات لەشکری بەسرەو کوفە رەوانە بکەن بۆ نەهاوەند (نەعمان کوری مۆپ مە زنی)کردە سەر لەشکر ، بە هاوکاری (حزیفە کوری یەمان ،جەریر کوری عبدالله و مغیرەی کوری شعیبە) لە قۆلی بەسرەش ( ابو موسیٰ الاشعری) بە لەشکرەوە بەرەو شاری نەهاوەند چوو ، لە نزیك شاری نەهاوەند شەر هەڵگیرسا موسڵمانەکان سەرکەوتن و دەسکەوتێکی جەنگی زۆریان دەست کەوت ئەمەش بوە هۆی ئەوەی

شارەکانی هەرێمی جیاکان یەك لە دوای یەك فتح دەکرێن ، هەرچەندە سەر لەشکری موسڵمانەکان (نعمان کوری........و عەمر کوری مەعدی کەرب) لەم شەرەدا شەهید بوون ئەم شەرە بەناوی (فتح الفتوح ) ناوی هاتووە لە کتێبە مێژوییەکاندا چونکە فارسەکان دوای ئەم شەرە نەیانتوانی جارێك بەم جۆرە بەرهەڵستی بکەن بەرامبەر لەشکری موسڵمانەکان ,هەروەك ابن الاپیر لە کتێبی (الکامل فی تاریخ) دەگێرێتەوەو دەڵێت أبو موسیٰ الاشوی لە کاتی گەرانەوەیدا توانیویەتی سیروان فەتح بکات لە رێگای چوون بۆ نەهاوەند (ماسزان) فتح کردبوو ، لە دوای ئەم فەتح کردنە هەرچی داهاتی نەهاوەند بوو بۆ کوفە تەرخان کرابوو ، هەرچی داهاتی دینەوەریش بوو بۆ شاری بەسرە تەرخانکرابوو،

(فەتح کردنی لورستان و خوزستان ئەهواز

لە فتح کردنی ئەم ناوچانە موسڵمانەکان تووشی بەرهەاستیەکی زۆر بونەوە ، کوردەکان (بیرزو ئیزج) زۆر بە گەرمی جەنگاون و بەرگریان کردووە فتح کردنی خوزستان دواکەوت بۆ ساڵی (٢٣ ك/٦٤٤ز)

لە ساڵی ١٧ ك / ٦٣٨ ز لە سەر داوای ابوو موسیٰ الاشوی خەلیفە عومەر فەرمانی دا بەشێك لە هێزەکانی کوفە و جەلەولا پەیوەندی بە هێزەکانی بەسرە بکەن ، پاش چەند شەرێك (شوشتەر) و چەند شوێنێکی تر فەتح کران ، لەو کاتەدا دوو سەرکردەی موسڵمانەکان شەهید بوون،(البداء کوری مالك و برای أنس کوری مالك (بووە ، (بجزأ ە بن پور البکری ) بە پێی سەرچاوەکان نزیکەی هەزار کەس لە خەڵکی ناوچەکە کوژراون و شەش سەد کەسی تریش بەدیل گیراون.

فەتح کردنی داسن و هەکاری و هەولێر

دەڤەری داسن و هەکاری و بادینان و شەمزینان هاو سنوری موصل بوون کە ناوەندی جەزیرە بوون بۆیە راستەوخۆ لە ساڵی (٢٠ك/٦٤١ز) فەتح کران تەنها گێرانەوەیەکی کورت لە بەردەست دایە لەمەر پرۆسەی فەتح کردنی قەڵاو شارۆچکە و گوندەکانی دەڤەری داسن و هەکاری و هەولێر وا دەردەکەوێت شەرو پێکدادانی قورس لەم دەڤەرە رووی نەداوە ،(عتبە بن فرقد) گوندەکانی (مێرگ) واتە

ناوچەی بەردەرەش و کەلەك و خاکی باهەزرا (باعدرا ) وە دەشتی سیمیل تا دەگات بە دهۆك و داسن هەموو ناوچە کوردیەکانی ئەم دەڤەرەی فەتح کردوون.

ئەم فراوان خوازیە قەلاو گوندەکانی نزیك حەزەی هەولێر و چیای السلق چیاکانی باکورو رۆژهەلاتی هەولێر و بابەگێش و ناوچەی بارزان و مێرگە سۆریشی گرتۆتەوە له سەر قسەی (البلاذری)لە کتێبی فتوح البلدان هەروەها ابن الفقیە. لە کتێبی مختصر البلدان وە ابن الاپیر له کتێبی الکامل في التاریخ جەختیان کردۆتەوە لە بارەی فەتح کردنی ئەم شوێنانە سەرچاوەی مێژووی دەیگێرێتەوە کە مووسڵمانەکان گەیشتونەتە ناوچەی خەلکی زەران(مەبەستی گوندی رێزان) بووە جەژنییان بووە له قەلاکانیان هاتبوونە خوارەوە خەریکی ئاهەنگ گێران بوونە لە ناکاو موسڵمانەکان ئەم شوێنانەیان فەتح کردووە.

## فەتح کردنی هەرێمی جەزیرە

زۆربەی شارو ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە بە شێوەی ئاشتیانە کەوتوونەتە دەست موسڵمانەکان واتا دەبێت سالانە سەرانە بدەن بە موسڵمانەکان ، بەلام سەرچاوە مێژووییەکان کۆك نییە لە بارەی گەیشتنی عەرەبە موسڵمانەکان بە جەزیرە هەندێك دەڵێن لە ساڵی ١٧ك – ٦٣٨ ز وە هەندێکی تر بۆچونیان وایە کە لە ساڵی ١٨ك – ٦٣٩ز وە بەشێکی تر دەلێن لە ساڵی ١٩ك–٦٤٠ز گەیشتون بەم ناوچانە لەگەڵ ئەوەشدا یەك دەنگ نین کە ئاخۆ سەرکردە (عیاچ کوری غەنەم) لە کوێوە هێرشی کردوە بۆ ئەم ناوچەیە.

یان لە شامەوە هاتوە بۆ هەرێمی جەزیرە بەلام زیاتر پێ دەچێت کە سەرکردەی موسڵمانەکان (عیاچ کوری غەنەم) لە ولاتی شامەوە بە لەشکرەوە بەرەو هەرێمی جەزیرە هاتبێت فەرمانی بە ئەبو عوبەیدەی کوری جەراح و چەند سەرکردەیەکی تر کردوەلە باشوری هەرێمی جەزیرەوە هاتوون دێ بە دێ فتحیان کردوە .(عیاچ کوری غەنەم)بە پێنج سەربازەوە خەریکی فتح کردنی ئەم ناوچانە بووە لە ساڵی ١٨-٢٠ك–٦٣٩-٦٤١ز شارەکانی ( شەنگال و ماردین و نەسبین و جەزیرەی بۆتان و گوندی بازفتێ و ئامەد و بەدلیس و ئەرزەن و خەلات و دەڤەری زۆزان و تا نزیك ئەرمینیای فەتح کردوە پاش چەند شەرێك دانیشتوان رازی بووینە کە سەرانە بدەن بە موسڵمانەکان بەرامبەر ئەوەی سەروەت وو سامانیان بپارێزرێت و نەکوژرێن.

## فەتح کردنی هەرێمی ئازەربیجان

لە بارەی فەتح کردنی ئەم هەرێمە بۆچونی جیا جیا هەیە لە بارەی سەرکردەکان و شێوازی فەتح کردنی لە بەر ئەوەی هەرێمێکی فراوانە شارو گوند و ئاوەدانی زۆری تێدایە ئەمەش ماوەیەکی زۆری پێویست بوو ە تاکو هەموو هەرێمەکە فتح بکرێت جگە لەوەی انیشتوانەکەی زوو بە زوو لە والیەکانیان هەڵدەگەرانەوە ، جاری

سەربەخۆیی خۆیان رادەگەیاندەوە ، بۆیە جارێکی تر موسڵمانەکان بە لەشکرەوە سەرکوتیان دەکردنەوە پرۆسەی فەتح کردن تا سەردەمی عوسان کوری عەفان ٢٣-٣٥ك بەردەوام بووە لە لایەکی تریشەوە ئەم هەرێمە لە دوو بەرەوە لەشکری ئیسلامی بۆی هاتبوون،لای نەهاوەند و چیاکان لە باشورەوە سەرکردە (حژیفە کوری یەمان ) تەوەری موسل و شارەزوریش بە سەرپەرشتی (عتبە بن مزقد) بووە ،هەندێکی تر دەڵێن مغیرە کوری شعبە لە ساڵی ٢٠ك -٦٤١ز راستەوخۆ لە کوفەوە لەشکر کێشی بۆ سەر هەرێمی ئازەربیجان کردوە پاش ماوەیەکی کەم دانیشتوانەکەی هەڵگەراونەتەوە .ئەوەی راستیە کە حژیفە کوری یەمان بە لەشکرەوە بەرەو هەرێمی ئازەربیجان چووە بەرەنگاری لەشکری ساسانی بووەتەوە پاش شەرو کوشتار کردن لەگەڵ والی ئازەربیجان (مەرزەبان)رێکەوتوون و گرێبەستیان راگەیاندبووە.

لەسەر ئەم مەرجانە رێك کەوتوون:

١- خەلك ئازەربیجان سالانە هەشت سەد هەزار درهەم سەرانە بدەن بە موسڵمانەکان.
٢- دەبێت خەلکی ناوچەکە پارێزراو بن لە سەروەت و سامانیان ، لە ئاگردانی زەردەشتی وە رێگر نەبن لە بۆنە و ئاهەنگە تایبەتیەك.